# خەیاڵی هەژار

خۆشەویستمان بۆ ئەدەب بە تەنها چێژوەرگرتن و کات بەسەربردن نییە ، خولیایەك نییە لە تەمبەڵییەوە هاتبێت ، ئەو کاتانەی کتێبێك بە دەستەوە دەگرین بەو نیازەی بە دەم باوێشکدانەوە سەرگەرمی خوێندنەوەی بین تا خەو دەمانباتەوە .

ڕاستە کردەی داهێنان گەمەی خەیاڵێکی زێدە جوان و بەربلاوە کە دواجار بێ خۆشی و چێژ وەرگرتن مەحاڵە ، مەراقی قووڵ و خولیایەکی شێتانەمان هەبێت بۆ خوێندنەوە ، لە سۆنگەی ئەو خۆشی و لەزەتەوە ، کە هەندێك ناوی دەنێین (دەردی خوێندنەوە) وەلی دەردێکی جوانە و عاشقی ئەدەب هەرگیز حەزناکات لەو دەردە راستبێتەوە .

بەرەیەکی دیکە هەن کە بڕوایان وایە ، مادامەکێ ئەدەب بە هەموو ژانرە جیاوازەکانەوە : ڕۆمان ، چیرۆك ، شیعر و شانۆگەری ... هتد . کردەو بەرهەمی خەیاڵێکی پەتییە ، جۆرێکە لە سەرگەرمکردنێکی بەتاڵ و کات بە فیڕۆدان ، بە تایبەتی لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە کەلتووری خوێندنەوە تێیدا هەژارە ، دیارە ئێمەی کورد یەکێکین لەو خەڵکە بەدبەختەی کە دڕدۆنگین لەگەڵ خوێندنەوە، بۆ ئەوەش دەیەها هۆکار هەن ، هەر لەنەبوونی کولتووری خوێندنەوە دەنێو خێزان و قوتابخانەکاندا و کوشتنی هەر خەیاڵ و حەز و خولیایەك لە ئێمەدا .

هەر لە منداڵییەوە.. هەر لە زووەوە مەراق و پرسیار و گومانەکان دەکوژرێن ، دواجار مادامەکێ ئەدەب گەڕان و حەز و خولیایەکە لە ناو دونیای خەیاڵدا ، خودی خەیاڵ دەستمان دەگرێت و بە نێو نهێنی ڕاز و نیاز و خەونە حەرامەکاندا پیاسەمان پێدەکات ، مەترسی خەیاڵ لەم سەربەستییە دایە کە کەس ناتوانێت لە ناوەوە و دەنێو ڕۆحتدا و لە تۆدا زەوتی بکات ، خودی خوێندنەوە دەنێو کولتووری ئێمەدا کەوتۆتە ناو بازنەکانی حەرام و حەڵاڵەوە .

لەوەدا ئاین و کولتوور و پێکەوە جێ نەخشی خراپی خۆیان داناوە چونکە جگە لە کتێبەکانی ئاسمان و کتێبە پیرۆزەکان و کتێبە پاکەکان کە پیاوە پاکەکان نووسیویانە ، مەترسی دیکە ئەوەیە کە کتێبەکانی دیکە پڕ بن لە بیروباوەڕ و خەیاڵی شەیتانی. لە ناو ئێمەدا بۆ قۆناغێکی درێژ و هەر لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەکەدا مەکتەبەکان جێ ڕاوگەی شەیتان بوون .

خودی خوێندنەوە بۆ خۆی مەرجی تەنیایی و دوور کەوتنەوە لەسەر عاشقی کتێبان دادەنێت ، دواجار خەڵوەتی گەرەکە و هەموو خەڵوەتێکیش بۆ زیکری خودا نەبێت ئاکامەکەی نەزانراوە و مەترسیدارە .

بیهێنە بەرچاوت کەسێك تەنیا و دەخوێنێتەوە کەمێك دوور و گریمان لە ژوورێکی دیکەدا خۆی جیا کردۆتەوە دوور لە دایك و باوك و خوشك و براکانی ، لە ناکاو پێدەکەنێت و قاقا

لێدەدات ، یان لەوانەیە هۆن هۆن بگری ، هەڵبەت ئەم دیمەنە جێگەی ترس و سەرسامی و هێدمەگرتنە ، گەر ئەوانیدیکە لە ئەفسوون و سیحری خوێندنەوەی کتێبەکان تێنەگەن ، من بۆ خۆم تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی وا فێر کرابووم کە جگە لە کتێبی مەکتەب خوێندنەوەی کتێبەکانی دیکە حەرامن و تا قۆناغی زانکۆ بە دزییەوە شیعر و چیرۆك و ڕۆمانم دەخوێندەوە ،ڕاستە کە دایك و باوکم نەخوێندەوار بوون ، وەلێ کتێبەکانی مەکتەبیان دەناسییەوە، دیارە مامۆستاکان لەو سەردەمەدا سەلیقەی ئەوەیان نەبوو کە بە کتێبی دیکە ئاشنامان بکەن. مەترسی خوێندنەوەی فیکر و ئەدەب چەندە بۆ کوڕان سەیر و ئەستەمە؛ هەزار ئەوەندە بۆ کچان لە حەرامە هەر گەورەکان حیساب دەکرێت .

گەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لێی وردبینەوە زۆربەی خەڵکی ئێمە بە گومان و ترسەوە سەیری کەسێك دەکەن کە بە تەنیا و دوور لەوانی دیکە سەرگەرمی خوێندنەوە بێت ، چونکە هەموو خۆ جیاکردنەوەیەك لەوانیدیکە مایەی دوودڵی و نیگەرانی و ترسی ئەوانی دیکەیە، ئەوانیدیکە دەپرسن و دەترسن کە ئەو کەسە بە تەنیا و بە خامۆشی لە ژێرەوە بە دزیی ئێمەوە فێری چی دەبێت ،هەمیشە لە نێو ئێمەدا کەسێکی تەنیا کە سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕ کردبێتەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت و زۆر جار ئەوانیدیکە غەمگین دەکات .

هەندێك جاریش خەڵکانێك تووڕە تا ئەندازەی شەڕانگێزی و پلار هاوێشتن و شەڕ فرۆشتن عاشقە کتێبیان هەراسان کردووە، بە هەمان ئەندازەی رقبوونەوە لە دوو عاشقی سەر کورسی ناو باخچەیەك ؛ خەڵکی لە عاشقی کتێب داخدار بوون کە بە تەنها لە پەنایەکدا ڕوونیشتوە و بێئاگا لە دەوروبەر سەرگەرمی گەمەی خەیاڵ و فەنتازییایە. هەردەم ئەو کەسە دەبێتەوە جێگەی سەرنج و مەراقی ئەوانی دیکە.

کەس نییە جارێك لە جاران خوێندنەوەی کتێبێکیان لێ تێك نەدابێت ، چ بە تاك و چ بە کۆ . پرسیاری ئەوان لە دڵدا ئەوەیە : ئاخۆ ئەم خەریکی چ لەزەتێکە کە ئاواهی هۆش و گۆشی بردووە؟ یان ئەوە کێیە کە بتوانێت بە تەنیا و دوور لە ئێمە بوەستێت؟ یان ئەو چ ڕاز و نهێنی و ئەفسوونێك لە نێو ئەو کتێبەدا داگیری کردووە؟ ئەو چی فێر دەبێت و چی تازە دەزانێت کە ئێمە دەرکی ناکەین .

با پرسیارەکە سادە بکەینەوە : ئەو بۆ دەتوانێت تەنیا بێت و ئێمە ناتوانین؟ لەو پرسیارانە ترسناکتر پرسیاری پیاو و ژنە ڕەوشت پارێزەکانە ، ڕەوشت بە مانای هەر کۆن و تەقلیدیەکەی: ئاخۆ ئەو بیژمۆت و شەیتانە (یان) کرمی ناو کتێبان خەریکی چ خەیاڵ و گەمەیەکی شەیتانییە ، ئەگەر وا بڕوات کارەسات لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ گومانکردن لە شێتبوونی کەسێك کە شەیدای خوێندنەوەیە لە ناو ئێمەدا زۆر باو بووە .

چەندە ئەدەب و خەیاڵ دووانەی (جمکی) ناو هەمان منداڵدانن، ئەوەندە پتر خولیا و خووی خوێندنــەوە لــە دیــدی ئــەوانی دیکــەدا مەترســیدارتر دەبێــت ، لەدونیایەکــدا کــە هــەموو خەیاڵکردنەوەیەك دەمانگەیەنێتەوە سەر هەرێمە قەدەغەکراوەکان و ماڵی شەیتان .
لە ناو هەر خەڵك و خاكێكدا تەنها یەك كتێب پیرۆز و پاك و ئاسمانی بێت ، خاوەن حەقیقەتی ڕەهــا و حیكایەتــە نــەمرەكان و كۆنووســی هــەر هــەموو جــوانی و سەرچــاوەی ئــەخلاق بێــت، ئەگــەری ئــەوە یــەكجار زۆرە کــە هــەر هــەموو كتێبــەكانی دیكــە ســادە و پــەراوێز و زادەی بــیر و باوەڕێكی شەیتانی بن ، بۆ هۆ نییە مێژووی مرۆڤایەتی لە پاڵ كوشتنی مرۆڤدا بــە ملیۆنــەها ، بە قەد ئەوە سەرگەرمی كوشتنی كتێب بووە .
دواجــار كوشــتنی هــەر كتێبێــك هــەڵگری ڕەهەنــدەێكی ڕەمــزی و هــەم بەرجەســتەیی هەیــە بــۆ كوشتنی نووسەرەكە و سەدەها خوێنەری عاشق ، سووتاندنی كتێب و هەڵدانیان بــۆ نــاو چــەم و ڕووبارەكان دەرئەنجامی مەترسییەكی گەورەیە لە ئازادیی خەیاڵ و داهێنــان ، خــەیاڵێك کــە لــە منداڵییــەوە لــە ســەد لاوە لــە لایــەن بــاوك و مامۆســتا و مــەلا و پیــاوە زۆر عاقڵەكانــەوە دەكوژرێت....
كــێ لــە ئێمــە بــە منــداڵی لــە یــادی چــووە ، چ لــە مــاڵ و چ لــە مەكتــەب و چ لــە مزگــەوت کــە خامۆشــانە دەســرەوتین ، خــەیاڵ دەیبردینــەوە ، ســەدەها جــار بەســەرماندا هاواریــان كردبێــت :
((هەتیو .. (یان) كچەتیو  خەیاڵت نەڕوا ؟ "هێی .. گەلحۆ .. وەرەوە.. بۆ كوێ چوویت؟ " ))
((حەپە مێشخۆر .. سەرت بەسەر كتێبەكەدا داگرە چیت دیوە لە ئاسمان؟ ))
ماڵەكان و مەكتەبەكان و مزگەوتەكان و دەیەها خانەی پەروەردە و كۆمەڵایــەتی دیكــە ، لــە لای ئێمە ، كارگەی كوشتنی خەیاڵن .
قوتابخانە كوردییەكان کە مەرجە جێگەی تەقاندنەوەی سەرچاوەكانی داهێنان و ئەندێشە بن ، كارگەی بەرهەمهێنانی پرسیار و گومان بن؛ بوونەتە قەسابخانەكانی ڕۆحی داهێنان و خەیاڵ و مەڵبەنــدی تــاك حەقیقــەت و یــەقین فرۆشــی ، تــا هەنووكــە بوونەتــە كێڵگــەی پــان و بــەرینی داهۆڵەكان و قەفەزی ئاسنینی تووتیەكان .
گەر وا نەبێت چ مانا و جوانییەكی تێدایە و  بەهرەمان بۆ چییە ئەو كاتانەی قوتابیــانی ئێمــە هەر لــە ســەرەتاییەوە تــا دەگاتــە قۆنــاغی بــالاتر لــە خوێندنــدا هــەر هــەموویان هــەمان دارشــتن (ئینشا) لەسەر یەكدی كۆپی دەكەنەوە ؟!
لێرەو  هەنووكە نەك هەر قوتابییــەكان بەتــەنها ؛ بــەڵكو ژمــارە هــەرە زۆرەكــەی مامۆســتایان و پارێزەران و فەرمانبەران و ئەنــدازیاران و سیاســەتبازان و پزیشكەكان كــۆپی كــراوی یەكــدین و هەڵگری هــەمان وێنــە و ناســنامەی ڕۆحــی و فیكــرین ، خــودی مرۆڤــەكان تــا ئەندازەیــەكی زۆر

کۆپی کراوی یەکدین ، چونکە بەرهەمی هەمان کارگەن کە کار لەسەر کوشتنی ڕۆح و خەیاڵ دەکات و هەرچی سەرچاوەکانی داهێنان هەیە وشکی دەکات .

## بێ هۆ نییە "گۆران" وتوویەتی ..

(( هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم ))

ڕەنگە وا دەرکەوێت کە شاعیر سکاڵا لە بەختی خۆی دەکات کە زمان و هەر هەموو ڕەگەزەکانی شیعر و داهێنان و ڕەوانبێژی کە پەیوەستن بە زمانەوە فریای ناکەون لەوەی کە هەڵبەستەکەی تەواو بکات ، بەڵام خودی ئەو هاوارە پابەستە بەوەی کە هێشتا خەیاڵ لەوە هەژارترە زمانێك بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین ، گوناهی خەیاڵە نەك زمان ، گەرچی هەر هەموومان دەزانین "گۆران" بۆ خۆی چەندە دەوڵەمەندە بە خەیاڵ .

دواجار چەندە خەیاڵ پڕ و ئازاد و بەرزەفڕ و نەترس بێت ، ئەوەندە پتر زمان دەوڵەمەندتر دەبێت و پتر و پتر دەکشێت تا هەر هەموو سەرزەمین داگیر بکات .

ناکرێت ئەوەش لە یاد بکەین کە زمانێك نییە لە زمانێکی دیکە هەژارتر بێت ، خودی (چۆمسکی) بڕوای وایە کە ئەگەر زمانێك لە دوورگەیەکدا گیری خواردبێت و چەند هەزار کەسێك قسەی پێبکەن ، مەرج نییە لە زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی هەژارتر بێت ، چونکە دواجار زمان زادەی پێویستییەکی مرۆییە ، مادامەکێ مرۆڤ لەسەر پێویستییەکانی دادگایی ناکرێت ، کەواتە ڕەوا نییە لەسەر کەم و زۆری ژمارەی وشەکان لەو زمان یان ئەو زماندا دادگایی بکرێ .

هەر کەسێك ئاگای لە ئەدەبیاتی هیندییە سوورەکان بێت ، دانیشتووانی ڕەسەن و کۆنی ئەمریکا ، تێدەگات ئەو ڕوانینە بۆ هەژاری و دەوڵەمەندی زمان پتر لە ئەفسانە دەچێت ،خەیاڵی دەوڵەمەند و خەیاڵی هەژار ڕاسترە لەوەی بوترێت زمانی دەوڵەمەند و زمانێکی هەژار.

بە گەڕانەوە بۆ میراتی فەلسەفەی یۆنانی و بە وەستان لای "ئەفلاتۆن" کە بەوە ناسراوە گومانی لە فانتازیا و خەیاڵگە و خەیاڵکردنەوە هەبووە بە کارێکی پیرۆز و بڵندی نەزانیوە و بەڵکو زۆر جاران بە سەرچاوەی وەهم و هەڵە ناوی بردووە ، هەڵبەت لە سەرەتادا ، دواتر لە دەمەتەقێکەی (Timaeus)دا دانی پێدادەنێت کە خەیاڵ لە توانایدا هەیە ڕوانین و چاوێکی سۆفیگەرانە بە مرۆڤ ببەخشێت ، دیدگایەك کە بالآتر دەنوێنێت لەوەی کە عەقڵ دەرەقەتی بێت .

دواجار گومانەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت لای ئەفلاتۆن کە مرۆڤ لە ڕێی خەیاڵکردنەوە وێنەی هەر شتێك ڕەسم بکات هەرگیز ناگاتە وێنە و نموونەی باڵا کە ئایدیاکەی وا لای خوداوەندە ، هەموو هەوڵێکت بە لاسایی کردنەوە کۆتایی دێت ، بەڵکو لاسایی کردنەوەی شتێك کە خودی خۆی پێشتر لاسایی کردنەوە بووە ، ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین بەشێکی گۆڕاو و ساختەیە و بە تەنها وێنەی وێنەیەکی دیکەیە .کەواتە دەکەوینە ناو بیرۆکەی بیرۆکە یان وێنەی وێنەیەکی دیکە  کە باڵا و نموونەیی و خواهانەیە ، خەیاڵ هەوڵدەدات ئەو یەکەمین وێنەیە بدۆزێتەوە و بیگەڕێنێتەوە، کەچی دەرەقەت نایەت ، ئا لێرەدا گومان لە هەر هەموو خەسڵەتەکانی داهێنان دەکرێت ، بگرە جیاکردنەوەی خەیاڵە لە تایبەتمەندی داهێنان ، بێ هۆ و هەوەنتە نییە کە ئەفلاتۆن گومانی لە شاعیرەکان هەیە و لە کۆماری خۆیدا پێگەیان نییە و بگرە گومانی گەورەی لە شاعیرەکان لەوەوە هاتووە کە ڕۆحی سەربازانەی پیاو و تۆلاز و جەنگاوەرەکان دەکوژن .

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆن و تازەی تۆمارکردن کە لە نووسینی کتێباندا خۆی دەنوێنێت ، هەرگیز قۆناغێك نادۆزینەوە کە ژمارەیەك لە داهێنەرانی فیکر و ئەدەب و هونەر تیایدا دادگایی نەکرابن ، شاربەدەر نەکرابن ، شاکارەکانیان بەر شاڵاوی سووتان و فەوتانی بەربەرییەکان نەکەوتبن ، لە باشترین دۆخدا (سانسۆر) نەیهێشتووە ئەو کتێبانە هەتاو ببینن ، تا لە ڕۆژگارێکی دواتردا و هەندێك جار دوای مەرگی نووسەر و هونەرمەند و دانا و زاناکان خوێندراونەتەوە .

خودی ئەم ترسە دواجار ترسە لە تەقاندنەوەی هێزی خەیاڵ و بیرکردنەوە کە وا دەکات ئەوانیدیکە لە دۆخی بە ئاژەڵ بوون هەڵبگرێت و بیانخاتە دۆخی بە مرۆڤبوون کە گەورەترین خەسڵەتی ئەوەیە بیر بکاتەوە و ئازا و ئازادانە تا ئەوپەڕی ڕۆحی داهێنان خەیاڵ بەڕەڵلا بکات ، دواجار هەستکردن و خەیاڵ کردنەوە و بیرکردنەوە و گەیشتن بە داهێنان و تۆمارکردن هەوڵێکی هەمیشەیی مرۆڤ بووە تا بیسەلمێنێت کە ئەم بوونەوەرێکە تۆمار دەکات و خاوەنی یادەوەرییەکانە  .

تۆماری یادەوەرییەکان و ڕەسمکردنی ڕۆحی سەردەمەکان و مرۆڤەکان و گەوهەری هەقایەت و ڕووداوەکان کە دەکرێت مایەی شەرمەزاری بن یان سەرسامی و جوانپەرستی مەحاڵە بەبێ خەیاڵ هیچ ئاکامێکی هەبێت .

سەبارەت بە تۆماریش مەبەست تۆمارە لە ئەدەب و هونەردا ، نەك مێژوو ، چونکە ڕاستە بۆ تۆماری مێژوو یادەوەری هاوکارە ، وەلی هەرگیز مێژوو بۆ خۆی پێویستی بە خەیاڵ نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە مێژوونووسەکان بە تایبەتی هەرە

ڕاستگۆکانیان بە خۆیان و کتێبەکانیانەوە ، لە کوشتارگەی بەربەرییەکان و دوژمنە خوێنخۆرەکانی وشە ڕزگاریان بووبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لە تەك ئەدەبدا خوێنەکەی زۆر کەمتر بووە .

زیندووترین تۆماریش دەنێو ئەدەبی کوردیدا کە هەکایەتی هەرە ترسناکی کوشتنی کتێبەکان و تابلۆ و شاکارەکانی دیکە دەگێڕێتەوە بۆ ئێمە لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی )دایە کە لەوێدا هەکایەتی پڕ لە مەرگەساتی (ئەنفال)ە ، ڕاوەدوونان و کوشتنی خەیاڵە ، مرۆڤ و کتێب پێکەوە ، مرۆڤ و تابلۆ ، مرۆڤ و پەیکەرەکانی ، هەر بۆیە دکتۆر (موسای بابەك) پاسەوانی ئەبەدی شاکارەکانی خەیاڵە لە ترسی فەوتان و لەناوچوونی جوانییەکانی مرۆڤ .

هەر هەموو جوانییەکان لە سەرزەمینەوە بۆ ژێرزەمینە تاریکەکان دەگوێزێتەوە ، دواجار خودی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەرێمێکە بۆ پاراستنی جوانی و جاویدانی و ڕۆح و بەهرە نەمرەکانی داهێنان ، شارێکە لە شارەکانی خەیاڵ ، دامەزراندنی شارێکی خەیاڵی لەو جۆرە ڕزگارکردنی جوانییەکانە لە شارە ڕاستەقینەکان کە لەوەتەی مێژوو هەیە بەربەرییە خوێنخۆر و جوانکوژەکان و دوژمن بە خەیاڵ و داهێنان لەبەردەمی دەروازەکانیاندا وەستاون و هەمیشە ئاگر و ئاسنیان پێبووە .

وێڕای ئەوەش ئەم ڕۆمانە بە تەنها داستانی کوشتن و ڕاوەدوونانی خەیاڵ نییە دەنێو دووتوێی کتێبەکان و تابلۆکاندا ، بەڵکو گێڕانەوەی مەرگەساتی کوشتنی خەیاڵ و خەونی شۆڕش و ئازادیشە کە جگە لە هەکایەتی کوشتنی مرۆڤ خۆی هیچی دیکە نییە .

بە گەڕانەوە بۆ وێنەکانی خەیاڵ و وێنەکانی ناو یادەوەری ، یادەوەری پابەستە بە یەکەکانی زەمان و بازنە و هەرێمە جیاوازەکانی شوێنێك یان خاکێك لەسەر زەمین ، بەڵام وێنەکانی خەیاڵ بە دەستی ئەنقەست یەکەکانی زەمان و شوێن هەڵدەوەشێنێتەوە بە نیازی دروست کردنەوەیەکی تازە کە ئەویش بۆ گەیشتنە بە ویست و سەربەستی مرۆڤ ، چونکە دوا هەوڵی داهێنەر ، لە ڕێی خەیاڵەوە ، ورد بوونەوە و بینینی شتەکانە نەك بەو شێوەیەی کە سروشت دایناون؛ بەڵکو ئەم وەك بوونەوەرێکی شەیدا بە دۆزینەوەی ڕاز و نهێنییەکانی مرۆڤ و دونیای دەوروبەر و خودی زیندەگی و بوون ، گەرەکییەتی گوێ و چاوێکی تازەمان پێببەخشێت کە ئەوەش ئەرکی هەموو داهێنەرێکی بلیمەتە کە خۆی ئەندێشەبازە و خەیاڵی ئێمە پاراوتر پەروەردە دەکات .

ئەگەر خەیاڵ کردنەوە ، نەك هەر لەسەر ئاستی داهێنان کە مانایەکی فرە مەزنی هەیە ، بەڵکو هەتا لەسەر ئاستی کەسانی دوور لە نوسین و داهێنان ، گەمەیەکی خۆشی تاکڕەوانەیە ، کە

لەسەر ئاستی میللی و زۆر سادە بەو کەسە دەوترێت (دالْغەچی) ، دالْغەچی وشەیەکی پاك و بێبەری نییە لە مانایەکی خراپ ، دالْغەچی بە مانای کەسێکی بێباك ، کاس و وڕ ، بێئاگا لە شتەکان و کەسەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەر ، دابڕ و تەریك و خۆجیاکەرەوە.
هەندێکجار ماناکەی لە گەلۆری نزیك دەبێتەوە ، مەترسی کەسی دالْغەچی لەوەدایە ، لە چاوی خەڵکانی ئێمەدا ئەم کەسێکە بێ هۆش و گۆش و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناوێرین هیچ ئەرکێکی گەورە و پیرۆزی پێبسپێرین . کەسێکە لە ناو خۆیدا خنکاوە، دالْغەچی بە مەبەست بێ یان بێ مەبەست کە لەگەڵ ئێمە نییەو تەنیا کەوتووە ؛ لای خەڵکی خۆشەویست نییە .

بۆ داهێنەر کە بەتەنها دالْغەچی نییە ، بەڵکو کەسێکە جەنگاوەرە و هێرشبەرە و پەلاماری ناوچە حەرام و قەدەغەکراو و مین ڕێژکراوەکان دەدات، چەکدارە بە خەیاڵێکی (شەیتانی)؛ کەسێکە خەیاڵی کردووە بە ئامرازێك بۆ بانگەشەی ئازادی و هەوڵدان بۆ ڕێزگرتن لە تاکڕەوی خۆی و خوێنەرەکانی ، چونکە داهێنەر لە ڕێی هێزی خەیاڵەوە دەیسەلمێنێت کە خۆی ئامادە نییە لە دۆخی بە ئاژەڵبووندا بمێنێتەوە و نە قایل دەبێت ئەوانیدیکە وەك مەڕ و بزنی ناو مێگەلەکان ڕووە و قەسابخانەکان بیبەن، خودی داهێنان و گەمەی خەیاڵکردن و چوونە ناو هەرێمەکانی فانتازیا گوزارشتە لە ئەوپەڕی ئازادی و تاکڕەوی (فەردانییەت) و مرۆڤبوون .

بێ هۆ نییە کە داهێنەر لە وڵاتی ئێمەدا ژمارەی دوژمنەکانی زۆر کەمتر نین لە دۆستەکانی ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی مێگەلخواز و مێگەلپەرست و مێگەل پەروەر داهێنان و خەللاقییەتی خەیاڵ لە خۆجیاکردنەوە دەچێت و دواجار وێنەی کەسێکە کە سەربەخۆ و ئازادە و ڕێز لە تاکڕەوی خۆی و ئەوانیدیکە دەگرێت ، لە دونیایەکدا کە پانتایی داهێنان بەرتەسك بێت و کەم بێت ، کارگەیەك بێت بۆ کوشتنی خەیاڵ ، کەسانی داهێنەر زۆر جاران دەبنە مایەی ئیرەیی پێبردنی ئەوانیدیکە ، کەم و زۆر دەگاتە کینە و گومانکردن و شەڕ فرۆشتن بە جۆرەها زمان و شێوە ، گەورەیی خەیاڵی هەندێك لەو داهێنەرانە کە بە ژمارە کەمیشن ، دەبێتە مایەی تەریق بوونەوە و ترس و ڕقی دەیەها کەسی بێ بەهرە ، گرفتی هەرە ترسناکی ڕق و کینە و دوژمنکاری لەوەدایە کە پتر و پتر ڕۆحی داهێنەرانەی مرۆڤ دەخوات و تا بێت خەیاڵی سیس و هەژار و پەژموردەتر دەکات، چونکە کانگای داهێنان و خەیاڵ بلاوی لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لە ڕق و ترس و شەرمەزارییەوە .

کردەی داهێنان کە پشت ئەستوورە بە خەیاڵ زۆر لە دۆخی خەون بینینەوە نزیکە ، کەم نووسەری بەهرەمەند و ئازا هەیە هەوڵی پەڕینەوە نەدات لە هەرێمی ئاگاهییەوە بۆ هەرێمی زۆر شاراوە و تەقەتی نا-ئاگاهی .

بە واتایەکی هاوشێوە گواستنەوەی ئێمەیە لە هەرێمی هەستەوە بۆ هەرێمەکانی نەست "لاشعور" کە دواجار هەرێم و دونیای شتە حەرامەکانە ، ڕاز و نیاز و مەیل و هەواو هەوەسێکی کوشندە کە بەرزەمن یان منی باڵا کە دەکاتە کۆی کۆدەکانی ئەخلاقی زاڵ و باوی کۆمەڵگا هەرگیز ڕێگا بە تەقاندنەوەیان نادات .

هەر لەوێوە (عوساب – نێر ڤۆزە) دروست دەبێت ، لە یادمان نەچێت کە خودی نووسەر خاوەنی ئەو نێرڤوزەیە ، بە واتایەکی ئاشکراتر گەر ئەو عوسابییەکی ئازا نەبێت ناتوانێت تا چینە هەرە شاراوەکانی ناو ڕۆحی مرۆڤ شۆڕ ببێتەوە ، دواجار کەم نین ئەو داهێنەرانەی چیرۆکی گرێ و دەرد و نەخۆشییەکانی خۆیان دەنووسنەوە کە دواجار چیرۆکی ترسناکی هەر هەمووومانە .

هەر بۆیە وێنەی نووسەر و ئیبلیس کە فریشتەیەکی هەڵگەڕاوە بووە ، زۆرجار ، لێرە و لەوێ و لە قۆناغی جیاوازدا تێکەڵ دەکرێت ، (فاوست) ڕۆحی خۆی بە شەیتان دەفرۆشێت تا بگاتە مەعریفە و و نهێنی کانزاکان و لەزەتە هەرە حەرامەکان ، حەوا و ئادەم خەیاڵ دەکەنەوە : ئاخۆ گەر لە درەختە حەرامکراوەکە بخۆن چی دەقەومێت و چی نهێنییەك لە پشت ئەو قەدەغە کردن و حەرامەوە هەیە، هەر بۆیە ناوی درەختی مەعریفەتە ، دوای تامکردنی میوەی حەرام؛ بەوە دەزانن کە خاوەن خوێنێکی گەرم و شەهوەتن، لە سۆنگەی خواردنی میوەی حەرامدا لە ئاسمانەوە هەڵدەدرێنە سەر زەمین ، گەر هەر لە بەهەشت بووینایە ، هەرگیز ئاگاداری هەقایەتە خۆش و ناخۆشەکانی سەرزەمین نەدەبووین ، خەیاڵکردنەوە لەوەی چی دەقەومێت دوای خواردن لە درەختی حەرامکراو ئادەم و حەوا بەرەو گەمەی ئازادی دەبات و یەزدان-یش حەزی لەو گەمەی ئازادییەیە ئەگینا دەیتوانی دەستیان بگرێت..

تێناگەم بۆ ئیسلامیەکانی ئێمە و هی زۆرێك لە ولاتانی عەرەبی و دونیا ، گەر نەڵێم هەر هەموویان ، لەو گەمەی سەربەستی و ئازادی خەیاڵ کردنەوە و ئازادیی گوناه کردنە تێناگەن؟ کە دواجار ئازادییەکە ڕووەو زانین و خۆناسین و دونیا ناسین دەمانبات کە سەرەتاکەی بە گەمەی خەیاڵ دەست پێدەکات .

خودا ڕێگای بە گەمەکانی ، فڕوفێڵەکانی شەیتان داوە ، بە فیز و هەڵگەڕانەوە و کڕنۆش نەبردن بۆ ئادەم ، یەزدان تا کۆتایی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات ، کەچی لێرە کەسانێك بە ناوی

خوداوه کـه چـاك نایناسـن دەتـوانن فـەتوای بـە کـافر بـوونی ئـەم و ئـەو دەربکـەن و ڕەوانـەی جەهەننەمیان بکەن .
بـە گەڕانـەوە بـۆ سـەرەتای پـەرەگرافی سـەرەوە : ترسـی داهێنـان کـە زادەی خەیاڵـە بـە قـەد گێڕانەوەی خەونە سەیر و حەرامەکان ترسناك و کوشندەیە ، بە تایبەتی ئەمەیان سەبارەت بـە ئەدەبی پەخشان یان داستانئامێز زۆر ڕاست و نزیکە ، چونکە مێـژووی سـەرهەڵدانی چیرۆك و ڕۆمان پانتاییـەکی زۆری قسـەیە لەسـەر (فەزاحـەت) و دونیـا هـەرە سـەیر و سـەمەرە و پـڕ لـە نهـێنی و هـەموو ئـەو ڕەفتـارو خـەون و خولیایانـەی جێگـەی شـەرمەزاری مرۆڤـە ، ڕاسـتە بەدەریش نییە لە حەکایـەتی سـەرکەوتن و ململانێـی مـرۆڤ لـە بەرامبـەر مرۆڤـدا ، مـرۆڤ لـە بەرامبەر ڕەگەزە دژوارەکانی سروشتدا، دواجار مرۆڤ لە بەرامبـەر خـودی خۆیـدا لـە ململانێـدا بووە ، بـەڵام حەکایـەتی نوشوسـتی و دۆڕان و حەکایەتـەکانی خـوێن و فرمێسـکی مـرۆڤ و بگـرە داستانی نەبڕاوەی دەبەنگی تا هەنووکە کۆتایی نەهاتووە .

پەراوێز :

لـە سـەرەتای ئـەم نووسـینەدا مـن بـە نیـاز بـووم وەڵامـی پرسـیارێك بدەمـەوە لەمـەڕ ئـەدەبی داستانئامێز یان پەخشان ئامێز کە پتر چیرۆك و ڕۆمـان دەگرێتـەوە بـەو مانـا ئەدەبییـە بـاوەی کـــــە زاراوەی (Fiction) بــــۆ بــــەکار دەبرێــــت کــــە ڕەگــــە لاتینییەکــــەی (Fingere)یان(Fictum)ە...
گەر ماناکـەی سادە بکەینـەوە لـە شـتی هەڵبەسـتراو و درۆوە نزیکـە ، گێڕانـەوەی ڕووداوێـك یـا چەند ڕووداوێکە کە زادەی خەیاڵە ، کارێکە گەرچی لە نزیکەوە پەیوەستە بە ژیـان و کەسـانی ڕاستەقینەوە یان ڕووداوی ڕاستەقینەوە ، کە تیایدا خەیاڵی نووسەر بابەتەکانی دادەمـەزرێنێت و شێوەیەکی هونەری پێ دەبەخشێت .
ئەدەبی داستانئامێز لە بەرامبەر شت و ڕووداوە ڕاستەقینەکان دەوەستێتەوە ، چونکە بە تـەنها حەقیقەت و واقیع نییە ، بەڵکو داهێنانە کە جۆرێك لە فریودانی تێدایە ، خۆشی و بەزم ، یان هێما و پێشنیازێکە بۆ واقیعێك کە لێوەی فێر دەبین .
هەر لەو سۆنگەیەوە (ئەرستۆ) شیعر لە بەرامبەر مێژوودا قوت دەکاتەوە کـە لەوانەیـە ئـەدەبی داستانی کە پشت ئەستوورە بە خەیاڵ لە حەقیقـەتێکی بـاو و گشـتگیر نـزیکتر بێـت تـاوەکو لـە شتێك یان بابەتێکی زۆر ڕاستەقینە و بەرجەستە .

پرسیارەکەش دەڵێت : گەر ئەدەبی داستانئامێز دەستکردی خەیاڵە و پڕ لە شت و ڕووداوی هەڵبەستراو و لە کەسانێك کە پێکهاتەی خەیاڵن ، بۆچی خۆمان بە خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکان سەرگەرم بکەین؟ دەوترێت ژیان کورتترە لەوەی کات بە چوونە ناو دونیای فانتازیا و خەیاڵاتەوە بە فیڕۆ بدەین ..

تاکە وەڵامێکی سادە بەڵام هەمیشە نەمر ئەوەیە کە ئەدەب سەرچاوەیەکە بۆ فێربوون و زانین و کەڵەکردنی مەعریفەت و تێگەیشتن لە خۆمان لە دونیا ، ڕەگەزێکی دیکە کە زۆر بنەڕەتیە و لە ئەدەبدا هەیە؛ ئەویش لەزەت و خۆشی و چێژ وەرگرتنە .. چونکە لەوەتەی زمان هەیە و خەیاڵی مرۆڤ دەوڵەمەندتر بووە ، ئێمە چێژێکی گەورە لە سەرکێشییە خەیاڵاوییەکانی مرۆڤ و ئەزموونەکانی و خولیا و هەکایەتی پڕ لە سەراسیمەیی کەسە خەیاڵییەکانی ناو ڕۆمان و چیرۆك دەبینین ، بە ئەندازەیەك کە وا هەستدەکەین خۆمان لەگەڵیاندا بەشدارین .

لە یادمان نەچێت ئێمە لەوەتەی هەین بە چیرۆك و داستانەکان گەمارۆ دراوین و دەنێو هەکایەتە گەورەکاندا دەژین؛ کەچی خودی سیحر و خەیاڵ و ئازادی بیرکردنەوە وای لێکردم وەڵامی ئەم پرسیارە بکەوێتە پەراوێز و وەڵامێکی دروست و تێری پرسیارەکە بۆ دەرفەتێکی دیکە بەجێبهێڵم .